# بەهەشتەسپییەکانی جەنگاوەر



حسێن ئەحمەد
فەرەنسا

جەنگاوەرهەولەیات.
قەدەرەکان بەرپادەکات
زەمەن درێژدەکاتەوەدڵی تۆ
بۆمب لەژێرپێی ئێوارەکاندا دادەنێت
تەقینەوەلەناورۆژەکاندا دەکات
نیشانەی جەنگەکان دەشکێنێت.
جەنگاوەر
بۆن بەمەچەکی خۆڵاوی خۆیەوەدەکات و
ڕۆژەکان قەدەرەکان پرۆژەکان بەسەریارۆئەیەن
بەیانیبەسەریادەقەومێت

سەری تەرمەکان لائەیاومردن تەریق دەکاتەوە
سەری تەنهایی لائەیاوغەمگینی وەک گۆزەدەشکێنێت
لەکاتێکدا عەشق هەڕەشەی ئینسانە
گۆرانی نەکسەی ئومێدە!
باخچەنەفرەتی هەوایە!
دین بەرپاکردنی مەرگە.!
جەنگاوەر دێت
بەیانییەکان پەیدائەکات
بەهاردێنێتەوەبۆماڵ
شەهیدیی ئەستێرەدەژمێرێت
نەخشەبۆهەوادەکێشێت
لەدرێژبونەوەی کۆڵاندا فەلسەفەدەخاتەدونیاوە
میتۆدبۆخونچەدادەنێت
ڕەنگی شەراب هەڵدەداتەوەبۆترێ
ئەومەغریبەی ئینسان لەدێوانەیداپیردەبێت
سروشت توانای وەرگێڕانی ئاوی نییە
بۆسەربێتاقەتی باخچە
جەنگاوەرفەسڵەکان بەیەکەوەدەبەستێ و
ڕەنگێک دەبەخشێتەوەبەئێمە
ئێمە
کەهەمیشەدڵمان یەخسیری ئومێدە
کەهەنێ جارتاچۆک دایانی مەعریفە

بەشوێن ڕوتی ئەستێرەیەکدادەڕۆین و
جێپێی خوامان بۆناهێنرێتەوەبۆماڵ
بەشوێن ترپەی دڵی نەسیمدا ئەچین و
دەریامان بۆناخرێتەناوپیاڵە
ناتوانین باران ڕۆکەینەناو شوشەوە
ئەوڕوئەداو
هیوالەدڵی هەریەکێک ماندادەکوژێت
بەختیاریمان دەگۆڕێتەوەبەهەوڵ
ئارامیمان لەپێچی جادەیا ون دەکات
بچووکیمان بەسەرزەمەندادەگێڕێت
لەکاتێکدازەمەنی ئەومانەوەیەلەئێستادا
نەخشەی ئەونەهێشتنی بەرینی باخچەیەبۆپشوو
لابردنی ئینجانەکانی ئومێدە
لەسەرتاقی ئەوپەنجەرانەی نابینرێن
جەنگاوەر
تەنهایی وێڵدەکات
پۆرترێتی ئێوارەتێک ئەیات
لەسەریاقەدەردەگێڕێت
ئاوبەسەر(با)دادەپژێنێت لەکاتێکدا (با)شوێنێکی
نییەبۆدەریا.
وەکوخونچە
ڕوبەڕوی بەهارئەوەستێ و

ئەڵێت:
نارۆمەوەبۆجەنگ
وەک پەپولەڕوبەڕوی پایزدەوەستێ و
ئەڵێت شیرەکەم چیلێهات؟
وەکوبەفربەسەرزستاندا ئەکەوێ و
ئەڵێت:ئەچمەوەبۆئاشووب.
خودایا
جەنگاوەر ڕاڕایە
جەنگاوەر دوودڵە
جەنگاوەر عەجولە
خودایا
جەنگاوەر بەکۆڵانەکانی جەنگاڕادەکاو
سپێدەلەبرینەکانیەوەدەکەوێت
بەفەسڵەکانی عاشقیدا تێدەپەڕێ و
تریفەلەدڵیەوەدێتەدەرێ
خودایا
جەنگاوەر
بەرێگاکانی بێوەییدانایەت
بەجادەکانی بەختیارییدanaڕوات
هەمیشەبۆنی ئەورۆژانەی لێدێت
کەعەشق بەرائەت یەقین
سەربەماندووبوونی خۆیانەوەدەنێن ودیارنین

سەربەوەڕسی خۆیانەوەدەنێن ونایەن
هەمیشەبۆنی ئەوساتەی دەبیسترێت
کەتەواوی ئارامی دونیاتێک دەچێ و
ئیترکەون وەرناچەرخێتەسەرپشوو
بەڵام جەنگەوەر ڕوناکە
هەتاوەکانی سەرسینەی پڕەلەنوری ئایندە
پڕەلەپرشنگی سەیرسەیر
جەنگاوەر بۆئەوەدەخولقێت
بەیانی بخولقێنێت
ژیان دروست کات ڕوناکی بخاتەدونیاوە
بۆئەوەدێت هەرکاتێک خوا ونبوو
ببێتەمەلیکی دڵی یار
هەرکاتێک یارونبوو ببێتەپادشای سینەی ئەو
هەرکاتێک ئەوونبوو
ببێتەسەرکردەی ئەستێرەو مانگ وشەو